# راگەیەنراوی کۆتایی کۆنگرەی کۆنگرەی سێیەمی دەنگەکانمان "أصواتنا"

# بۆ رادیۆ کۆمەڵگەییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقیا

زیاتر لە 120 راگەیانکار لە 14 وڵاتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقیا، لە رۆژانی 24 تا 26ی شوباتی 2014، بەشدارییان کرد لە کۆنگرەی سێیەمی هەرێمیی رادیۆ کۆمەڵگەییەکان لە ناوچەی دەریای مردوو لە ئەردەن، لەژێر ناونیشانی" دەنگمان سەربەخۆیە".

راگەیەنراوی کۆتایی کۆنگرەکە، جەخدەکاتەوە کە بەشداریی و سەرنجی کارمەندانی رادیۆ کۆمەڵگەییەکانی وڵاتانی وەکو: جەزائیر، تونس، میسر، مەغریب، لیبیا، سوریا، فەڵەستین، ئەردەن، یەمەن، بەحرەین، عێراق، لوبنان، سعودیەو سوڵتاننشینی عوممان، کاریگەرییەکی باشی هەبوو بۆ هاندانی بەشداران لەپێناو پەرەدان بەمجۆرە تایبەتە لە رادیۆ کە موڵکی کۆمەڵگەیەو ناوەڕۆکەکەی بۆ خزمەتی کۆمەڵگەیەکی ناوچەیی دیارییکراوە.

سەرکەوتنی کۆنگرەی سێیەم، بەسترابوو بە: هاوکارییەکانی دەستەی بینراو و بیستراوی ئەردەنی و یەکێتی رادیۆ کۆمەڵگەییەکانی جیهان "ئەمارک"، هەروەها بە پشتیوانی و کۆمەکی: ئاژانسی سودیدی بۆ پەرەپێدان، نووسینگەی کۆمنوێڵسی بریتانی، دەزگای کۆمەڵگەی کراوەو دەزگای جیهانی بۆ هاوکاری میدیا.

هەروەها بەشداران جەختیان کردەوە لە گرنگی میدیای کۆمەڵگەیی لە گەشەدان بە کۆمەڵگا ناوچەییەکان لە وڵاتانی سنوورەکە، رەخساندنی ژینگەیەکی یاسایی "تەشریعی" و کارگێڕیی لەبار بە گرنگ زانرا بۆ برەو و بەردەوامییدان بە کاری رادیۆ کۆمەڵگەییەکانی ناوچەکە.

هەروەک راگەیەنراوی کۆتایی، بەگرنگیەوە باسی لە بەشداریی بەهێزی سوریا لە کۆنگرەکە کردووە، کەلەرێگەی ژمارەیەک رادیۆی کۆمەڵگەیی

سەربەخۆی تازە دروستبوو بەشدارییان کردبوو، ئامادەبوانیش کاریگەر بوون بەو بەشدارییەو هاوپشتی خۆیان دەربڕی بۆ ئەو رادیۆیانە کەسەرباری رەوشی خراپی ئەو وڵاتە، بەڵام بەردەوامن لە گواستنەوەی دەنگی هاوڵاتیانی سوریا بە راستگۆیی و بابەتییانە.

ئەمەو بەشداران بەبایەخەوە دەڕوانن لە داڕشتنی پەیماننامەی شەرەفی کارکردن "میپاق الشرف" لەنێوان رادیۆکانی وڵاتی سوریا، کە تیایدا بەشێوەیەکی ئارەزوومەندانە رەفتاری کارمەندانی ئەو رادیۆییانە دیاریی دەکات و جەختیشدکاتەوە لە گرنگیی مافی رادەربڕین و فرەیی و پیشەیی بوون و دوورکەوتنەوە لە گوتاری رقلێبونەوەو لایەنگیریی کردن.

هەروەک بەشداران کۆکبوون لەسەر ئەم خاڵانەی لای خوارەوە:

1. پێویستە یاساو تەشریعاتەکانی وڵاتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقیا، لەگەڵ پێوەرە نێودەوڵەتیەکان دا بێتەوە لەبارەی مافی بوونی ئامرازەکانی راگەیاندنی ناوچەیی و کۆمەڵگەیی.

2. پێویستە رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیی هەوڵەکانیان زیاتر بکەن لەپێناو مسۆگەرکردنی بوون و بەردەوامییدان بە راگەیاندنی کۆمەڵگەیی بەبێ دەستێوەردانی سیاسیی لەلایەن دسەڵاتە ناوەندیەکانەوە.

3. پێویستە ئەو دەزگایانەی کۆمەڵی مەدەنیی کە راگەیاندنی کۆمەڵگەییان هەیەو بەڕێوەی دەبەن، رێز لەپێوەرە پیشەییەکانی راستگۆیی و فرەیی بگرن و دوور کەونەوە لە گوتاری رەگەزپەرستی و رقلێبونەوەو دەستەگەری و مەزهەبیەت.

4. گرنگە سوود وەربگیرێت لە ئەزمونی ناوچەیی و هەرێمیی و نێودەوڵەتیی، لەرووی بنیاتنان و و بەردەوامییدان بە میدیای کۆمەڵگەیی.

5. گرنگە کارمەندان و دەزگا و بیناو باڵەخانەو ئامێر و کەرەستەکانی میدیای کۆمەڵگەییان پارێزراو بن، بەتایبەت لەو وڵاتانەی کە بە قەیرانی ئاسایشدا گوزەر دەکەن، پێویستە بپارێزرێن لە هێرش و دەستدرێژیی و دەستوەردان لە کار و ناوەڕۆکی پیشەیی ئەو دەزگا میدیایانە.

6. پێویستە ئەو یاساو دەستورانەی کە بەهەوڵی رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیی لە هەندێک لە وڵاتان دا هاتونەتە ئاراوە ، بەزوویی وەربگێڕدرێنە سەر واقیع بە ئاراستەیەک کە هاوکاری بوون و بەردەوامیی میدیا کۆمەڵگەییەکان بکات.

7. پێویستە لە قۆناغیی دانپێدانان بە راگەیاندنی کۆمەڵگەیی بپەڕینەوە بۆ قۆناغی کار و بەردەوامیی ئەو راگەیاندنانە، ئەویش بە دانانی سندوقی کۆمەکی ناوخۆیی و هەرێمیی و نێودەوڵەتی بۆ بەهێزکردنی ئەو دەزگایانە، بەبێ ئەوەی ئەو کۆمەکانە دەستوەردانی لێبکەوێتەوە یان کاربکاتە سەر ناوەڕۆکی کاری دەزگاکان.

8. پێویستە هەوڵەکان بۆ رێکخستن و تەنسیق لەنێوان کارمەندانی بواری میدیای کۆمەڵگەیی زیاتر بکرێت لەرێگەی دروستکردنی داتابەیس لەنێوانیان دا کە خزمەت بە بوارەکە بکات و هەروەک هاوکاری و تەنسیق و گۆڕینەوەی ئەزموون لەنێوانیشیان پەرەپێبدات.

9. دۆزینەوەی ئامراز و بەرنامەی ئەلیکترۆنی کە هاوکاری ئەو زمانە جیاوازانە بکات کە لە وڵاتانی ناوچەکە دا هەیە، لەوانە: زمانی کوردی، ئەمازیغی و سریانی، هەروەک پێویستی کارکردنی ئەو کەسانەش فەراهەم بکرێت کە لەو دەزگا میدیاییە کۆمەڵگەییانەدا کاردەکەن.

10. پێویستە هەموو ئەو دەستدرێژی و پێشێلکارییانەی کە دژ بە رۆژنامەنوسانی میدیا کۆمەڵگەییەکان دەکرێت، بە بەڵگەو دیکۆمێنت بکرێن و ئاشکرا بکرێن، هەروەک کۆنگرە داواش لەو رێکخراوانەی کۆمەڵی مەدەنی دەکات کەلەبواری ئازادیی بیروراردەربڕین و مافی مرۆڤ کاردەکەن، هەوڵی چارەسەرکردنی ئەو دەستدرێژیی و پێشێلکارییانە بدەن.

11. پێویستە یاساو سیستەمەکانی کارکردنی شەپۆلی رادیۆیی لە وڵاتان دەستکاری بکرێت بەشێوەیەک کە بەشێک لەو شەپۆلانە، بۆ رادیۆ کۆمەڵگەییەکان دابین بکرێت.